# هەندێ زانیاری دەربارەی شارۆچکە و گوندەکانی سەربە مەریوان لە نەورۆزدا

جگە لە شاری مەریوان لە زۆربەی گوندەکانی دەوروبەریشیدا جێژنی نەورۆز بەباشی پیرۆز کراوە و خەڵك شادی و لەهەمانکاتدا نارەزایی خۆیان بەڕوونی دەربڕیوە. شارۆچکەی "کانی دینار" یەکێك لەو شوێنانە بوو کە لەنێوان جەماوەر و هێزە چەکدارەکانی رژێم پێکدادان هاتە ئاراوە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بەردەوام بوو و سەرەڕای ئەمانەش ئاگری نەورۆز هەر کرایەوە.

لە چەند شوێن و گوندی دیکەیش ئەم مەراسیمانە بە شیاوترین شێوە بەڕێوە برا، بۆ وێنە لە گوندەکانی سەردۆش، نێ، دەرزیان، نژمار، ولەژێر و... . لە گوندی سەردۆش پایەگای ئاوایی رۆژی پێش نەورۆز خەڵکی ئاگادار کردبۆوە کە نابێ بەهیچ شێوەیەك بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز بێنە دەرەوە، کەچی جەماوەر پێچەوانەی خواستی ئەوان چوارئاگرەیان داگیرساند و بەدەوریدا هەڵپەڕین و دوو کەس لە لاوانی ئاوایی بۆ جەماوەری بەشداربوو ئاخفین و باسی پێویستبوونی جووڵانەوەی نیشتمانییان لەم قۆناخەی مێژووی کوردستاندا کرد. لە ئاواییی "نێ"شدا جەماوەر بە هەمان شێوە چوارئاگرە و هەڵپەڕکێ و جێژن پیرۆزەیان لە یەکتر ئەکرد. لە بەرزاییەکانی پشت دەرزیان و نژماریش هاوکات لەگەڵ ناو گونددا ئاگری پیرۆزی چوارینە داگیرسا و بڵێسەی تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو.

لە راپۆرتی پێشوودا باسی گەڕەکی بولواری کەشاوەرزی لە قەڵەم خرابوو کە رەوتی رووداوەکان بەم شێوەیە بووە: جەماوەر ئاگرێکی گەورەیان کردۆتەوە و چەندین کاتژمێر بەدەوریدا شاییان گێڕاوە. لە شەقامی کەمەربەندیشدا داوای پێناسە لە هەمووکەسێك کراوە کە لەو شەقامەوە تێپەڕیون.

www.kurdistannet.org